# کوردایەتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە

سارۆ ئەردەڵان



**ئاماژە**

من لەم توێژینەوەی خۆمدا دەمەوێ ئەم مژارە لە رووی بواری تیۆریی ئابووری - سیاسیی مارکسیزمەوە پەرە پێ بدەم و بەڵگە بهێنمەوە کە هەر چوار وڵاتی کۆلۆنیالیستی کوردستان کە بریتین لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، کوردستانیان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی بە مەبەستی گەشەسەندنی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیان بەکار هێناوە.

## پێشەکی

کاتێک باس لە کوردایەتی دەکەین، سەرەتا مەبەستمان لە ڕەهەندێکی سیاسییە کە ئامانجەکەی سازکردنی دوڵەت ـ نەتەوە لەسەر خاکی کوردستانە. هەر جۆرە کردارێکی ئابووریی، کۆمەڵایەتی وکولتووری لە چوارچێوەی ئەم ڕەهەندە سیاسییەدا مانای کۆتایی بەخۆیەوە دەگرێ. هەروەها لە مانایەکی بەرفراوانتردا، ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی جگە لە ناسیۆنالیزم (ڕەهەندی سیاسی)، هەڵگری چەندین ڕەهەندی دیکە وەک سۆسیالیسم، فێمینیزم و ژینگەپارێزییە.[۱] ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی دەیەوێ دابڕانێک لەگەڵ ئەو سیستەمانەدا ساز بکا کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا و بە ناوی دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرنەوە خاکی کوردستانیان بەکۆلۆنی گرتووە. لێرەدایە کە کوردایەتی دەبێ وەک ئایدیۆلۆژییەک بۆ ڕزگاریی لە هەر چوار پارچەی کوردستان سەیر بکەین و باشترە وەک جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی ناوی لێ ببەین. واتە ئەگەر ئامانجی یەکەم سەربەخۆیی بێ، ئامانجی گرنگتر و کۆتایی ڕزگارییە. بۆ ڕزگاریی کورردستان پێویستە لە سیستەمی کۆلۆنیالیزم تێبگەین و بزانین ئەو میکانیزمانە چین کە سیستەمی کۆلۆنیالیستی کەڵکیان لێ وەردەگرێ تاکوو درێژە بە دووانەی کۆلۆنیالیست/بەکۆلینکراو بدا.[۲]

دوکتور قاسملوو لە هەر دوو کتێبی تیۆریکی خۆیدا، واتە کوردستان و کورد (۱۹۶۳)[۳]، و کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیسم (۱۹۸۳)[۴] پێیوایە کە ئێمە لە کوردستان لەگەڵ دوو کێشە بەرەوڕووین: ستەمی نەتەوایەتی و ستەمی چینایەتی. چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی لە ئێران ئەوەیە کە خودموختاری بۆ کورد دابین بکرێ و ستەمی چینایەتی بە چەسپاندنی سیستەمێک لەسەر بنەمای سۆسیالیسم لە درێژخایەندا چارەسەر دەبێ. هەرچەند چارەسەری قاسملوو بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتە، بەڵام دیارە ئەو ژێرانە دۆخی هەموو کوردستانی لەبەر چاوە. هەروەها ئەو بۆ یەکەم جار کوردستان (کوردستانی گەورە) وەک ناوچەیەکی موستەعمەرە سەیر دەکا.[۵] بۆیە باشترە سەرەتا مەبەستی قاسملوو لە چەمکی کۆلۆنیالیزم شی بکەینەوە، ئەو دەبێژێ: «یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی سەردەمی ئێمە ڕووخانی سیستەمی موستەعمەراتییە. نەتەوە ژێردەستەکان یەک لە دوای یەک ڕزگار دەبن... بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا ئێستاش هێندێک مەڵبەند لە ژێر دەسەڵاتی ئیستیعماردا ماون. تەنیا نەتەوەیەکی گەورەی ئەو مەڵبەندە کە تا ئێستا ڕزگار نەبووە و لە مافی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی سیاسی بێبەشە، نەتەوەی کوردە. هەرچەند کوردستان بە مانای تەواوی وشە موستەعمەرە نییە، بەڵام باری سیاسیی کوردستان زۆر لەوە نزیکە. بێجگە لەوەش کە کوردستان لە نێو چەند وڵاتدا دابەش کراوە.»[۶] قاسملوو پێیوایە کە کوردستان کۆلۆنیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانە و ئەو دەوڵەتانەی کە ئیستا لە تورکیا، ئێران و عێراق لەسەر کارن بەڕواڵەت سەربەخۆن و هەموویان بەکرێگیراوی گەورەهێزەکانی ئامریکا، بریتانیا و فەڕانسەن.[۷] هەرچەند ئەم کۆلۆنیالیزمە ناڕاستەوخۆیە، بەڵام نەتەوەی کورد وەک نەتەوەکانی دیکە دەبێ خۆی لە ستەمی نەتەوایەتی ڕزگار بکا کە ئیمپریالیستەکان بە سەریاندا سەپاندوویانە.

دواتر زانایەکی ناودار بە ناوی ئیسماعیل بێشکچی، لە تێزەکەی خۆیدا بە ناوی کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی (۱۹۹۰) نیشانی دەدا کە نابێ باس لەوە بکەین کە کوردەکان لە وڵاتەکانی تورکیا، ئێران و عێراق کەمینەن، بەڵکوو ئەوان لەسەر خاکی خۆیان زۆرینەن و ئەوان لەبەر سیاسەتەکانی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی کە لە خزمەت ئیمپریالیزمدان چەوساونەوە و بەکۆلۆنی کراون. ڕوانگەی بێشکچی نزیکە لە هەمان پارادایم کە قاسملوو تیایدا شرۆڤەی خۆی ئەنجام دابوو،

بەڵام دەکــرێ بوترێ کە ئــەو زیاتر جەخت لەســەر سیاســەتەکانی کەمالیــزم، دەوڵەتە نەتەوەکانــی ئێران و عێراق بــۆ پاکتاوکردنی کورد دەکات. هەرچەند بێشکچی کەمتر باس لە بــاری ئابــووری دەکا و ڕوانگەی تیۆریکی دیــار نییە، بەڵام لــە ڕوانگەیەکی مێژوویی و کولتوورییەوە بە وردی نیشانی دەدا کە دۆخی بەکۆلۆنیبوون چ کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر نەتەوەی کورد و کوردستان داناوە.[٨]

مــن لەم توێژینــەوەی خۆمــدا دەمەوێ ئەم مژارە لە ڕووی بــواری تیۆریی ئابووری - سیاسیی مارکسیزمەوە پەرە پێ بدەم و بەڵگە بهێنمەوە کە هەر چوار وڵاتی کۆلۆنیالیســتی کوردستان کە بریتین لە تورکیا، ئێران، عێراق و ســوریا، کوردســتانیان وەک کۆلۆنییەکــی نێوخۆیی بە مەبەستی گەشەسەندنی ناوەندی وڵاتەکەی خۆیان بــەکار هێناوە. واتە، کاتێک ئــەم دەوڵەت نەتــەوە مۆدێرنانە ســاز بوون، لەبەر گەشەســەندنی خۆیان پێویســتیان بوو کە هەندێــک لە ناوچەکانی نــاو وڵاتە نوێیە دەســتکردەکەی خۆیــان بە کۆلۆنــی بگرن. هاوکات بە هەمان ئەندازە ناوچە ناوەندییەکانی ئەو چوار وڵاتە گەشــەی دەسەند، کوردستان وەک ناوچەیەکــی بەکۆلۆنیکــراو بــەرەو گەشــەنەکردنێکی سیســتەماتیک هەنگاوی دەنا. کۆلۆنیالیست لە ڕێگەی بەکۆلۆنی کردنی کوردســتان و کەڵک وەرگرتــن لە هێزی کار و ســەرچاوە ماددییەکان، کوردســتانی وەک ناوچەیەکــی دواکەوتوو لــە ڕووی ئابووری و پیشەسازییەوە هێشتووەتەوە.

هەروەها من هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە کە چۆن ئەم گەشــەی لاســەنگە (Uneven development) بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کــورد لە فیکــری ســازکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی خۆیدا بــێ، بەرخۆدانێکی بەربڵاو و درێژخایەن ســاز بکا تاکوو لە دۆخی نابەرابەر لەگــەڵ نەتــەوەی کۆلۆنیالیســت ڕزگاری ببێ. بــە واتایەکی تر کاتێک کوردســتان لە ڕێگەی سیســتەمی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییەوە دەچەوسێتەوە، ئایدیۆلۆژیی کوردایەتی هەوڵ دەدا پێگەیەکی فیکری بۆ دەربازبوون لە دۆخی نابەرابەر بدۆزێتەوە و تەنیا دابڕانی وابەستەیی لەگەڵ ناوەند کێشەکە چارەسەر دەکات.

## کوردســتانی پەراوێزخــراو وەکوو کۆلۆنییەکی نێوخۆیی

خەڵکی (گەل) کوردستان بۆ ماوەی چەندین سەدە هەســتی خۆشەویســتیی نیشتمانیان هەبووە و لە کوردســتان خاوەنی دەســەڵاتی خۆیــان (وەک میرنشــینەکان) بــوون، بەڵام تاکوو کاتی ســەدەی نۆزدەیەم و بەتایبەت لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە (و بە چڕی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی) ئەم خۆبەڕێوەبەرییانە (Self-governance) مەترسیی لەناوچوونیان لەسەر ســاز نەبوو و گەلی کورد هەستی بەوە نەکردبوو کە دەبێ پارێزگاری لە ســەروەریی (Sovereignty) خــۆی بکا. ســەرەتا کاتێک ئیمپراتوریی عوســمانی و پاشــایەتیی قاجار لە بەرامبــەر ڕۆژئاوادا بەرەورووی شکەســتی بەردەوام دەبوون، ڕێگەچارەیان لە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند، ســازکردنی دامودەزگای ئیداری مۆدێرن، تەیارکردنی سوپا و بەگشتی کۆنترۆڵی زیاتر بە ســەر هەمــوو ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی خۆیاندا دەبینــی و هەر بۆیە میرنشــینەکان بەرەو لاوازی و نەمان ڕۆشتن (تەنزیماتی عوسمانی و مەشروتەی قاجار). بۆ نموونە شۆڕشەکانی شێخ عەبیدوڵڵا نەهری و سمکۆ لە هەمان چوارچێوەی قەبوڵ نەکردنی دەسەڵاتی بێگانە بە سەر کوردستان ساز بوو؛ واتە لە کوردستان خواســتێکی حکومەت بە سەردا نەکران هەبووە کە تەنانەت پاشخانەکەی لــە کتێبی مــەم و زینی ئەحمــەدی خانیدا دەبینــرێ. لەم قۆناغەدا کوردســتان لە لایەن ئــەو دوو حکومەتەوە داگیر کراوە و ناوبەناو لە کوردستانیش حکومەتی خۆجێیی ساز دەبێ و لەناو دەچێ.

دوابەدوای سازبوونی نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەب و هەرەشەی دەوڵەت - نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا بۆ سەر گەلی کورد لە ناوچەکە، هەستی کوردایەتی لە نێوان گەلی کورد گەشەی کرد.[۹] لێرەدایە دەتوانین باس لە پەرەسەندنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد (کوردایەتی) بکەین کە لە ئەنجامیدا گەل وەکوو نەتەوە (people as a nation) خاوەنی ناسنامەیەکی هاوبەش دەبێت. هەروەها ئەم دەوڵەتانە کە ئایدیۆلۆژی سازکردنی نەتەوەیەکی یەکدەستیان هەبوو جگە لە پەراوێزخستنی نەتەوەی کورد، کوردستان و نەتەوەی کوردیان بەکۆلۆنی گرت تا لە ڕێگەیەوە پرۆژەی گەشەسەندنی وڵاتەکەیان خۆیان خێراتر بکەن. هەر بۆیە هێزی مرۆیی، وزە و سەرچاوە نیشتمانییەکانی کوردستانیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوەندی دەسەڵات بەکار دەهێنا.[۱۰] ئەم دەوڵەتە نوێیانە، بە مەبەستی بەهێزکردنی فەرمانڕەوایی خۆیان، دەسەڵاتیان لە ناوەند چڕ کردەوە و بۆ سەقامگیرکردنی دۆخی ئابووریی خۆیان لە ناو سنوورەکانی دەوڵەتەکانیاندا پێویستیان بە چەند کۆلۆنییەک هەبوو. دۆخی کوردستان لەم قۆناغەدا و هەتاکوو ئێستا لە دۆخی کۆلۆنیالیزمدا ماوەتەوە و نەتەوەی کورد لە لایەن نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانەوە بەکۆلۆنی گیراوە.

بەکۆلۆنی کردنی هەندێک ناوچە لە ناو سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرندا وەک کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی ناوی لێ دەبرێ.[۱۱] جیاوازیی سەرەکیی ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ کۆلۆنیالیزم لەوەدایە کە سەرچاوەی چەوساندنەوە و کۆنترۆڵ کردن لەمیاندا لە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت نەتەوەدایە بەڵام لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ناو سنوورەکانی یەک دەوڵەت نەتەوەدا یەک یان چەندین ناوچە وەک کۆلۆنی هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێ. من پێموایە هەر چوار پارچەی کوردستان باکوور، ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوا لە لایەن دەوڵەت نەتەوەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریاوە وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو هەڵسووکەوتیان لەگەڵ کراوە. دەکرێ بوترێ لە سازکردنی ئەم دەوڵەتانەدا و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کوردەکان پەراوێز خراون و جگە لە ماوەیەکی کەم لە عێراق لە ڕووی سیاسییەوە هیچ بەشدارییەک بە کوردەکان نەکراوە کە لە ناوەندی بڕیاردانانی حکومەتەکاندا بەشدارییان هەبێ. هاوکات کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی ـ جوگرافیایی تێکەڵ بە ئەم دەوڵەتە نوێیانە کراوە و لە ڕووی سیاسییەوە کیانێکی سەربەخۆی نەبووە.

> **هەروەها من هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە کە چۆن ئەم گەشەی لاسەنگە (Uneven development) بووەتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کورد لە فیکری سازکردنی جووڵانەوەی نەتەوەیی خۆیدا بێ**

بەڵام هەتاکوو تێکەڵبوونی سیاسی، چەوساندنەوەی ئابووریی پێ زیاد نەکرێ، ناتوانین باس لەوە بکەین کە کوردستان وەک کۆلۆنیی ئەم دەوڵەتانەی لێ دەردێت. ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکان هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازی لە ناوەندی سیاسیی ئەم وڵاتە نوێیانە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر سەربەخۆیی خۆیان لە کیس دەدەن و وابەستەییەک لە نێوان ناوچە پەراوێزخراوەکان لەگەڵ ناوەند ساز دەبێ. ئەم وابەستەییە پێکهاتەییە و لە ڕوانگەی هێشترەوە هەڵگری چەندین تایبەتمەندییە: «بازرگانی و ئاڵوگۆڕی ئابووری لە نێوان پەراوێز بەرەو قۆرغکردن لە لایەن ناوەندەوە دەڕوات. قەرزی بانکیش دەستی بە سەرداگیراوە. کاتێک ئاسۆی ئابووری ڕوون دەبێتەوە بانکدارەکان، بەڕێوەبەران و خاوەن کارەکان لە نێو خەڵکانی ناوەندا هەڵدەبژێردرێن. ئابووریی پەراوێز ناچار

ده‌كرێ ته‌واوكه‌ری گه‌شه‌ی ناوه‌ند بێ و كه‌واته به بازاڕه ده‌ره‌كییه‌كان وابه‌سته ده‌بێ. به شێوه‌ی گشتی، ئه‌م ئابوورییه پشتی به هه‌نارده‌كردنی یه‌ک به‌رهه‌می سه‌ره‌كی وه‌كوو كشتوكاڵ یان كانزاكان ده‌به‌ستێت. جووڵه‌ی هێزی كاری په‌راوێز، زۆربه‌ی كات به شێوه‌ی ده‌ره‌كی ده‌ستنیشان ده‌كرێ. هه‌ر وه‌كوو چاوه‌ڕوان ده‌كرێ، كۆچبه‌ری و گواستنه‌وه‌ی ئێجگار زۆری كرێكاره‌كانی ناوچه په‌راوێزخراوه‌كان له‌به‌ر هۆكاری به‌رز و نزمیی نرخی ئه‌و به‌رهه‌مانه‌یه كه هه‌نارده ده‌كرێن. وابه‌سته‌یی ئابووری له ڕێگه‌ی پێوه‌ری یاسایی، سیاسی و سوپاییه‌وه تۆكمه‌تر ده‌كرێته‌وه... هه‌ڵاواردنی نه‌ته‌وه‌یی له‌سه‌ر بنه‌مای زمان، ئایین یان شێوازه كولتوورییه‌كانی دیكه بوونی هه‌یه.»[١٢] له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه ده‌توانین ئاماژه به دوو ته‌وه‌ری سه‌ره‌كیی كۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بكه‌ین:

**١** دابه‌شكردنی هێزی كار (The division of labor): هێزی كاری ناوچه‌ی به‌كۆلۆنیكراو له لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتی كۆلۆنیالیسته‌وه بۆ ناوه‌ند ده‌گوازرێته‌وه. له‌م گواستنه‌وه‌یه‌دا دوو مه‌به‌ستی سه‌ره‌كی به‌دی ده‌كرێ، سه‌ره‌تا ئه‌م هێزی كاره له خزمه‌تی گه‌شه‌سه‌ندنی ئابووری و ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ی ناوه‌ندی كۆلۆنیالیستدا كه‌ڵكی لێ وه‌رده‌گیرێت و هه‌روه‌ها ناوچه‌ی په‌راوێز به نه‌مانی هێزی كار به ناوه‌ند وابه‌سته ده‌بێت. له ده‌یه‌ی سی سه‌ده‌ی بیسته‌مه‌وه هێزی كاری كوردستان وه‌كوو كرێكار بۆ ناوه‌نده‌كانی ئه‌ستانبۆل، ئه‌زمیر، تاران، قه‌زوین، به‌غدا، حه‌له‌ب و دیمه‌شق گوازراونه‌ته‌وه تاكوو ئه‌م ناوه‌ندانه گه‌شه‌ی ئابووری په‌یدا بكه‌ن. له‌م ڕاگواستنه‌دا هێزی كاری كوردستان به بیانووی نه‌بوونی كار و دابین نه‌بوونی بژێوی ژیان به‌ره‌و ناوه‌ند كۆچ ده‌كه‌ن. ناوه‌ندی كۆلۆنیالیست بۆ گه‌شه‌سه‌ندنی خۆی به‌ئه‌نقه‌ست ناوچه به‌كۆلۆنیكراوه‌كان له دۆخی ناگه‌شه‌سه‌ندوویيدا ده‌هێڵێته‌وه. كۆلۆنیالیست هه‌وڵ ده‌دا نیشانی بدا كه له‌به‌ر تێگه‌یشتوویی، بوونی ئیلیتی تێكنۆكرات و خوێنده‌وار و به‌كارهێنانی مێكانیزمه‌كانی گه‌شه‌سه‌ندن، ناوه‌ند گه‌شه‌ی كردووه و له هه‌مان كاتدا باس له‌وه ده‌كا ناوچه په‌راوێزخراوه‌كان له‌به‌ر ته‌وه‌زه‌لی، نه‌بوونی ئیلیتی شاره‌زا و نه‌خوێنده‌واریی خۆیانه‌وه نه‌یانتوانیوه گه‌شه بكه‌ن. به‌ڵام به‌پێی ڕوانگه‌ی كۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی، گه‌شه‌سه‌ندنی ناوه‌ند له‌گه‌ڵ گه‌شه‌نه‌سه‌ندنی ناوچه په‌راوێزخراوه‌كان هاوكات بووه. واته ناوچه به‌كۆلۆنیكراوه‌كان به‌ئه‌نقه‌ست له دۆخی دواكه‌وتووییدا هێشتراونه‌ته‌وه تاكوو له سه‌رچاوه ماددی و مرۆییه‌كانی ئه‌وان بۆ گه‌شه‌كردنی ناوه‌ند كه‌ڵک وه‌ربگیرێت.

> ناوه‌ندی كۆلۆنیالیست ناوچه به‌كۆلۆنیكراوه‌كان له دۆخی ناگه‌شه‌سه‌ندوویيدا ده‌هێڵێته‌وه.
> كۆلۆنیالیست هه‌وڵ ده‌دا نیشانی بدا كه له‌به‌ر تێگه‌یشتوویی،بوونی ئیلیتی تێكنۆكرات و خوێنده‌وار و به‌كارهێنانی مێكانیزمه‌كانی گه‌شه‌سه‌ندن، ناوه‌ند گه‌شه‌ی كردووه

**٢** دابه‌ش كردنی كولتووریی كار (The cultural division of labor).كۆلۆنیالیست كه‌ڵک له سیسته‌مێكی توێژبه‌ندی وه‌رده‌گرێ كه تیایدا هه‌ندێک له‌و پیشانه‌ی كه پێگه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تیی به‌رزتریان هه‌یه بۆ ئه‌ندامه‌كانی ناوه‌ند ده‌ستنیشان ده‌كرێ و ئه‌و پیشانه‌ی كه له ڕووی پرێستیژی كۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه له ئاستێكی نزمتردان به‌ر ئه‌ندامانی ناوچه به‌كۆلۆنیكراوه‌كان ده‌كه‌وێت.[١٣] بۆ نموونه زۆربه‌ی وه‌زیر، به‌ڕێوه‌به‌ره گشتییه‌كان، پارێزگار، دیپلۆمات و مامۆستاكانی زانكۆكان له ئه‌ندامانی نه‌ته‌وه‌ی ناوه‌ند هه‌ڵده‌بژێردرێن و ئه‌و پیشانه‌ی كه له‌و سیسته‌مه توێژبه‌ندییه‌دا خراپتر یان ئاسایی داده‌ندرێن بۆ ئه‌ندامانی ناوچه په‌راوێزخراوه‌كان یان نه‌ته‌وه‌ی ژێرده‌ست ده‌ستنیشان ده‌كرێ. هێڵی ئه‌م دابه‌شكارییه ڕێک له‌سه‌ر هێڵی

جیاوازیی نەتەوەکان دەوەستێت. ئەگەر کرێکارانی کورد لە گەورەشارەکانی وڵاتی کۆلۆنیالیست وەک هێزی کار کەڵکیان لێ وەردەگیرا، هاوکات و لە ڕووی فەرهەنگییەوە، کرێکاربوون وەک تایبەتمەندییەکی کوردبوونی لێ دەردێ. بەرەبەرە بەکەم زانینی کورد لە ناو میدیا و ناوەندە فەرهەنگییەکانی کۆلۆنیالیستدا بەرهەم دێ و ئاستی نزمی کولتووری وەک تایبەتمەندییەکی هەمیشەیی، لەمێژینە و نەگۆڕی نەتەوەی کورد پیشان دەدرێ. تەنانەت هەندێک پیشەی نەشیاو وەک کۆڵبەری و قاچاغچیەتی بە ناو نەتەوەی بەکۆلۆنیکراووەوە تاپۆ دەکرێ؛ بۆ نموونە لە ئێران هەوڵ دەدرێ کۆڵبەری وەک پیشە ناسنامەیەکی فەرمی هەبێ هەتاکوو تاکی کوردی کۆڵبەر بتوانێ داوای مافەکانی خۆی لە ئیدارەی کار بکا!

دابەش کردنی نایەکسانی سەرچاوەکان، مێکانیزمێکی کۆنترۆڵییە کە کۆلۆنیالیست بەسەر هەموو لایەنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکاندا دەیسەپێنێت. ستراتیژیی کۆلۆنیالیست ئەوەیە کوردستان وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو ئابوورییەکی یەک بەرهەمیی هەبێت: بۆ نموونە لە زۆربەی کوردستان گەنم و توتن وەک بەرهەمی یەکەمی کشتوکاڵ بە شێوەی دێم چێنراوە یان تەنیا گرنگی بە هەندێک بەرهەم وەک میوەی باخ و ئاژەڵداری دراوە. هەروەها سیستەمی کۆلۆنیالیستی کەڵک زەوی پرپیتی کوردستان دەکاتە پاشکۆی کارخانەکانی خۆی. بۆ نموونە بەرهەمێک وەک چۆندەر کە بایەخێکی ئابووری ئەوتۆی نییە بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی ڕۆژهەڵات داگیر دەکا هەتا شەکری پێویست بۆ ئێران بەرهەم بێ و لە ئاکامدا هێچ کەڵەکەیەکی سەرمایەی بۆ کوردستان لێ ناکەوێتەوە. لە ڕووی پیشەسازییەوە دەکرێ بوترێ کە لە کوردستان هیچ کارخانەیەکی گرنگی لێ نییە کە بتوانێ بەرهەمێکی ستراتیژیکی هەبێ. مەبەست لەم ڕێگرییە ئەوەیە کە کوردستان بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو نەنێت و لە ڕووی ئابوورییەوە هەمیشە وابەستەی ناوەند بێت. کانزاکانی کوردستان نەوت، ئاسن، زێڕ و هتد، بێ ئەوەی کەڵکێکی ئەوتۆیان بۆ ناوچەکە هەبێ بە مەبەستی پێشخستنی ئابووریی ناوەند و هەروەها هەناردەکردنیان بەتاڵان دەبرێن. ئەم شێوازە کە وەک گەشەی لاسەنگ ناوی لێ دەبەین بریتییە لەوەی لەبەر گەشەی ناوەند پەراوێزەکان گەشە ناکەن. من بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەی خۆم لەسەر بەراوردکردنی گەشەی کوردستان وەک ناوچەی پەراوێز لەگەڵ ناوەند کەڵک لە دوو بەراوردکاری وەردەگرم:

۱ بەراوردی نرخی بەرهەمی تێکڕای نێوخۆیی بۆ هەر کەسێک (GDP per capita)؛

۲ ئیندێکسی گەشەی مرۆیی (Human Development Index)

لە هەر دوو وڵاتی تورکیا و ئێران بۆ بەدەستهێنانی ئیندێکسی گەشەی مرۆیی کەڵک لە سێ ڕەهەند وەردەگیرێ:

۱ نرخی ئۆمێد بە ژیان لە کاتی لەدایکبوون (Life Expectancy at Birth)؛

۲ ڕێژەی خوێندەواری گەورەساڵان (Adult Literacy Rate)؛

۳ بەرهەمی تێکڕای نێوخۆیی ڕاستەقینە بۆ هەر کەسێک (Real GDP Per Capita).

دەبێ ئاماژە بەوە بکەم ئیندێکسی گەشەی مرۆیی لە نێوان سفر و یەکدا هەژمار دەکرێ. ئەم ئیندێکسە ئەو ئیمکانەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە لە نێوان ناوچە و پارێزگاکانی وڵاتەکاندا بەراوردکاری ئەنجام بدەین.

لە پارێزگاکانی باکووری کوردستان لە ڕووی نرخی بەرهەمی تێکڕای بەرهەمی نێوخۆیی بۆ هەر کەسێک ساڵی ۲۰۰۰ی زایینی لە نێوان ۱۵۰۰ تاکوو ۳۷۰۰ (موش ـ ئامەد) دۆلاردان، لە کاتێکدا نرخی مامناوەند بۆ تورکیا ۵۱۰۰ و بۆ پارێزگاکانی ناوچەی مەرمەرە ۷۸۰۰ دۆلارە؛ هەروەها لە هەمان ساڵدا لە

پارێزگاکانی باکوور، ئیندێکسی گەشەی مرۆیی لە نێوان ٠/٥٧ تاکوو ٠/٦٧ (شـرناخ ـ ئامەد) بووە و لە هەمان سـاڵدا نرخـی مامناوەند بۆ تورکیا ٠/٧٢ و بـۆ ناوچەکانی مەرمەرە ٠/٧٩ بووە.[١٤] کاتێک سـەیری ئیندێکسی گەشەی کۆمەڵایەتی ـ ئابووریـی (Socioeconomic development index) تورکیـا لە سـاڵی ٢٠٠٣ دەکەین کە پارێزگاکانی تورکیا بە سەر پێنج ئاستدا دابەش دەکا، هەموو پارێزگاکانی باکووری کوردستان لە ئاستی هەرەوە خوارەوە (٥) و پارێزگاکانی رۆژئاوای تورکیا و ئانکارا لە ئاستی هەرە سەرەوەدان (١ و ٢).[١٥]

لـە رۆژهەڵات رێـک هەمان شـێواز لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی دەبینین: ئیندێکسـی بەرهەمـی تێکـڕای بەرهەمـی نێوخۆیی بۆ هەر کەسـێک لە سـاڵی ٢٠١٤ (١٣٩٣) بۆ ناوچە جیاکانی کوردسـتان لە نێوان ٠/٥١ تا ٠.٥٧دایـە (ورمێ ـ کرماشـان) و ڕیزبەندی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات لە نێوان ٣١ پارێزگای ئێران بەم شێوەیە دابەش دەبێ: کرماشان ١٧، خۆراسان شۆمالی ٢٣، ئیلام ٢٧، لۆڕستان ٢٨، کوردستان ٢٩، و ورمێ ٣٠. ئەمە لە کاتێکدایە کـە مامناوەندی ئەم ئیندێکسـە بـۆ ئێران بریتییە لە ٠/٦٢ کە لە بەرزترین ئاستی ناوچە بەکۆلۆنیکراوەکانی رۆژهەڵات لە سـەرەوەترە. ئەم ئیندێکسە بۆ پارێزگاکانی ناوەوند لە نێوان ٠/٦٢ تـا ٠/٧٢ دەبێ (مازەندەران ـ تاران).[١٦] هەروەها ئەگەر باس لە ئیندێکسـی گەشەی مرۆیـی بکەین و پارێـزگاکان پێکەوە بەراورد بکەین بەم دەرەنجامە دەگەین کە ئیندێکسی پارێزگاکانی کوردسـتان کە لەسەرەوە ناوم لێ بردن لـە نێوان ٠/٦٥ تا ٠/٧ (کوردسـتان ـ کرماشـان) لە سـاڵی ١٣٩٣ (٢٠١٤)دایە لە کاتێکدا ئیندێکسی مامناوەند بۆ ئێران لە هەمان ساڵدا ٠/٧٤٥ و بۆ پارێزگاکانی ناوەند لە ٠/٧٥ تا ٠/٨١دایە (مازەنـدەران ـ تاران). ڕیزبەندی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات سەرنجڕاکێشـن و لە نێـوان ٣١ پارێزگا، پارێزگاکانی کوردسـتان وەک ناوچەی بەکۆلۆنیکراو بەم شێوە دەکەونە ڕیزبەندییەوە: کرماشان ١٩، خۆراسان شۆمالی ٢٦، ئیـلام ٢٧، لۆڕسـتان ٢٨، ورمـێ ٢٩، کوردستان ٣٠.[١٧]

هـەر وەک دیارە، هەموو ئیندێکسـەکان نیشـانی دەدەن کـە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کوردسـتان و ناوەندەکانی دەسـەڵات کـە نەتەوەی سەردەسـت بەڕێـوەی دەبەن دەبیندرێ. بە شـێوەیەکی سیسـتەماتیک و بەئەنقەست کوردستان گەشـەی نەسەندووە تاکوو ناوەندەکانی دەسـەڵاتی دەوڵەت نەتەوە لـە تورکیا و ئێران گەشـە پەیـدا بکەن. بەم پێیـە دوابەدوای ئەوەی کوردسـتان لە ڕووی سیاسـییەوە بە سـەر چوار دەوڵەت نەتەوەدا دابـەش دەکرێ و لـە مافی دابیـن کردنی چارەنووسـی خۆی بێبەش دەبـێ، لە ڕووی ئابوورییشـەوە دەچەوسـێتەوە و لـە دۆخی ژێردەستیدا دەمێنێتەوە. ڕزگاربوون لە دۆخی بندەستی پێویستی بە دابڕان لە وابەستەیی بە ناوەند هەیە؛ چونکە تا ئەو کاتەی کوردستان لە دۆخیبەکۆلۆنیکراویدابمێنێتەوەگۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە پەیوەندییەکانی نەتەوەی بەکۆلۆنیکراو (کـورد) و نەتـەوەی کۆلۆنیالیسـت (تورک، فارس و عەرب) سـاز نابـێ. کاریگەرییەکانی ئـەم دۆخە تەنانەت دوای ڕزگاریش بە سـەر کوردسـتانەوە دەمێنێتـەوە. بـۆ نموونـە لە باشـوری کوردسـتان دەبینین کە لە ڕواڵەتدا هەرچەند لە ڕووی ئابوورییەوە نیشان دەدرێ کە هەرێمی کوردسـتان گەشـەی سەندووە، بەڵام لە ڕاسـتیدا لە باشـووری کوردستان لە جیاتی سـازبوونی بۆرژوازییەکـی نەتەوەیی، بۆرژوازییەکی کۆمپـرادۆر جێگای گرتووەتەوە کە دوو دەوری سـەرەکی هەیـە: تاڵانکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و هەروەها ئـەم بورژوازییـە سـەرمایەی کەڵەکەکراو بۆ دەرەوەی کوردستان دەگوازێتەوە و لە هەمان کاتدا تەنیـا وەک بریکار دەوری هاوردەکردنی کاڵا بۆ کوردستان دەبینن. هەرێمی کوردستان

دیسانەوە بە هاوردەکردنی نزیکەی هەموو شتومەکی پێویست لە تورکیا و ئێرانەوە وابەستە بووە. شێوازی گەشەکردنەکە وەک فرانک دەڵێ لۆمپەن ـ گەشەکردنە و لە جیاتی بۆرژوازییەکی نەتەوەیی بریکارە کوردەکانی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکان، لۆمپەن بۆرژاوازییان لە باشووری کوردستان ساز کردووە.[١٨] هەر ئەم توێژە لۆمپەن بورژوایە لە کاتێکدا دەرفەتێکی زێرین بۆ سازکردنی دەوڵەت نەتەوە ڕەخسابوو ئاسۆی سازکردنی دەوڵەتیان لە کوردستان ناڕوون و لێڵ کردووە.

## دەرەنجام

گەشەسەندنی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و گەشەنەسەندنی کوردستان دوو دیوی دراوێکن. تورک، فارس و عەرەبەکان دوابەدوای سازکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان لە فیکری ئەوەدا بوون کە چۆن خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆ بن تاکوو لە دۆخی گەشەنەسەندوویی ڕزگاریان ببێ. لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە خۆیان لە پەراوێزی ئابووریی جیهانیدا بوون، کوردستانیان وەک ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو لە پەراوێزی خۆیاندا بەکار هێنا تاکوو وەک پەیژەیەک کەڵکی لێ وەرگرن و گەشە بکەن. نەوت و کانزاکانی کوردستان ماددەی خاوێکی پڕ بەهایان بۆ کارخانەکانی ناوەند و هەناردەکردن بۆ وڵاتانی دیکە دابین دەکرد. بۆ نموونە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، نەفتخانە، تەق تەق، بازیان، میران، چەمچەماڵ، خورمور، تاوکە، پیشخابیر (باشوور)، چەمەرلو، گارزان، ئیکزتەپە، باتی کوزلوجە، باتی ڕامان، دنچەر (هەموویان لە باتمان)، ئادیامان دیاربەکر و مێردین، (باکوور)، کێڵگە نەوتییەکانی نەوتشار، چەنگولە، سۆمار، ئازەر، دالپەری، دانان، دێهلۆران، کێڵگەی گازی دۆڵی بیجار (ڕۆژهەڵات)؛ و ڕۆمێلان و حەسەکە (ڕۆژئاوا) و چەندین جۆر کانزای گرنگ وەک ئاسن، کرۆم، زێڕ، زیو، قورقوشم لە ژێر مۆنۆپۆلی دەوڵەت نەتەوەکانی کۆلۆنیالیستی کوردستاندان. سەرەڕای ئەمانە، کوردستان و ناوچەی زاگرۆس سەرچاوەی ئاوی گرنگترین ڕووبارەکانی ناوچەن: دیجلە، فۆرات، ئاراس، قزل ئوزەن، کەرخە و کارون. بەتایبەت تورکیا و ئێران بە سازکردنی دەیان بەنداوی لەسەر سەرچاوەکانی ئەم ڕووبارانە دەیانەوێ لە لایەکەوە کەڵکی سیاسی لە ئاو وەرگرن و وەک گوشار بۆ سەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە بەکاری بێنن؛ هەروەها بە گواستنەوەی ئاوی کوردستان وزەی سازبوو بە مەبەستی ئاوادانکردنەوەی ناوچەکانی خۆیان بەکاریان دێنن.

> **هەموو ئیندێکسەکان نیشانی دەدەن کە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان کوردستان و ناوەندەکانی دەسەلات کە نەتەوەی سەردەست بەڕێوەی دەبەن دەبیندرێ. بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەئەنقەست کوردستان گەشەی نەسەندووە**

بە گۆڕانی حکومەت و ڕژیمەکان لەم وڵاتانە، دۆخی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەر نەهاتووە. واتە هیچ جیاوازییەک لە نێوان سیاسەتەکانی کەمالیزم و ئاکپارتی، ڕژیمی پاشایەتی پەهلەوی لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕژیمی بەعس لەگەڵ عێراقی فیدراڵ و سیاسەتەکانی بەعسیزم لە سوریا لە ئاست دۆخی بەکۆلۆنیکراوەیی کوردستان ڕووی نەداوە. چونکە لە ڕاستیدا ئەم دەوڵەت نەتەوانە لەسەر بنەمای پەراوێزخستنی کوردستان و نەتەوەی کورد ساز کراون. تایبەتمەندییەکانی دۆخی بەکۆلۆنیبوون بریتین لەوەی کە دەوڵەتی ناوەندی نفووزێکی ئابووری و تەکنۆلۆژییان لە ناوچە پەراوێزخراوەکان هەیە و کوردستانیان وابەستەی خۆیان کردووە. شێوازی بەرهەمهێنان پێکهاتەیەکی ئابووریی ناهاوسەنگی لە نێوان ناوەند و کوردستان ساز

کردووە. هــەر ئەمە بووەتە هــۆی ئەوەی کە کوردستان نەتوانێ خاوەنی ئابوورییەکی خۆبژیو بێ و پەیوەندییە کۆلۆنییەکان کاریگەری لەسەر پەیوەندی چینایەتی لە کوردستان ساز دەکەن. لاسەنگی گەشەی ناوەند و کوردستان دەبێتە هــۆی ئــەوەی کاریگەری لەســەر پەیوەندی ناهاوسەنگی ئەو دوو ناوچەیە دابنێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێ وەڵامی ئەم پرســیارە ســەرەکییە بدەمەوە کاتێک ئەم کۆلۆنیالیزمە نێوخۆییــە سیســتەماتیکە ڕوو دەدا چــۆن کوردایەتــی دەتوانــێ لــە ناو گەلــی کورد یەکڕیزی ســاز بکا و داواکارییەکی نەتەوەیی هەبێ؟ ســەرەتا دەبێ باس لــەوە بکەین کە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی زۆر لە کۆنۆلیالیزمی کلاســیک ئەســتەمترە. چونکە لە کۆلۆنیالیزمی کلاســیکدا دەوڵەتێک لــە دەرەوەی ســنوورەکان و بە مەبەســتی کۆلۆنیالیــزم ناوچەیــەک داگیــر دەکا و بەکۆلۆنیگیراوەکان لە ڕووی ناسنامەوە لەگەڵ کۆلۆنیالیســتەکان جیاوازییەکی زۆریان هەیە؛ بەڵام لە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییدا ئاســتەکانی ناسنامەی نەتەوەی ژێردەست لەگەڵ نەتەوەی سەردەســت لە ڕووی قەومــی، ئایینی، زمانی و کولتوورییــەوە تێکەڵ دەبــێ. بەتایبەت لە ئێران فارســەکان بە سازکردنی چەمکی ئێران و کەڵکوەرگرتــن لە بەکۆلۆنیکردنی ڕۆژهەڵات ناسنامەی کوردبوون بە شێوەیەکی فەرهەنگی بســڕنەوە چونکە بانگەشــەی ئەوە دەکەن کە زمــان و کولتووری کوردی بەشــێک لە زمان و کولتــووری ئێرانییــە. لــە ژێر هەڕەشــەی ئــەم تواندنەوەیەدا، کاتێــک ئیلیتی نەتەوەی بێبەشــکراو بــەرەورووی کۆلۆنیالیزم دەبنەوە هــەوڵ دەدەن یەکڕیزییەکی فەرهەنگی لە ناو کۆمەڵگای خۆیاندا ســاز بکەن. تەنانەت ڕەنگە ئەم بووژاندنەوە فەرهەنگییە بەو مانایە نەبێ کە دەبــێ هەندێک بەڵگە لە مێژوویەکی هاوبەش بدۆزنەوە، بەڵکوو زۆربــەی جار بەپێی دۆخی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆلۆنیالیســت، لە ناو نەتەوەی ژێردەســـتدا ساز دەبێ و لەم ڕێگەوە ئامانجــی ســەربەخۆیی سیاســی و ئابووری مەشــروعیەت پەیدا دەکا.[19] لە کوردســتان ڕۆشــنبیرانی کــورد هەوڵیان بۆ ســازکردنی یەکڕیزیی کولتووری داوە و کەســانێک وەک حســێن حوزنی موکریانی، میقداد میدحەت بەدرخان، جەلادەت عالی بەدرخان، پیرەمێرد و تاکوو ئیستا سەدان ئیلیتی کورد ویستوویانە جیاوازیی کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان لەگــەڵ کۆلۆنیالیســتەکان ســاز بکــەن. بە ســازبوونی چوار دەوڵەت نەتــەوەی مۆدێرن کە تایبەتمەندیی ســەرەکییان دوورکەوتنەوە لــە سەردەســتیی ناراســتەوخۆ و کۆنترۆڵی هەمەلایەنە بە ســەر وڵاتدا بــوو، هەر کام لە کۆلۆنیالیســتەکانی کوردســتان دەیانویســت لــە ناوەنــدی دەســەڵاتەوە فەرمانڕەوایــی ڕاستەوخۆیان بەسەر کۆمەڵگایەکی نایەکڕەنگدا (heterogeneous society) هەبــێ.[20] بۆیــە ئایدیۆلۆژیــی کوردایەتی هــاوکات لە دژ بــە کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی کوردســتان و دۆخــی ژێردەســتیی کــورد جووڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازانەی ســاز کــردووە و دەیەوێ لەم وابەستەییە داببڕێ، بە گرنگیدان بە سازکردنی ناسنامەیەکی هاوبەشی کولتووری لە نێوان هەر چوار پارچەی کوردستان، بەرەو ڕۆنانی دەوڵەت نەتەوە لەســەر خاکی کوردستان و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوەیی و چینایەتی هەنگاو بنێت.

## سەرچاوەکان


1. Eyyûb Kerîmî, «Structure of the Ideology of ‘Kurdism’,» Journal of Middle Eastern Research 1 (2017): 57-63.

٢. زۆربــەی جار لە کوردیدا کەڵک لە دووانــەی داگیرکەر/داگیرکراو (occupier/occupied) لــە جیاتــی کۆلۆنیالیســت/بەکۆلۆنیکراو (colonialist/colonized) وەردەگیرێت کە هەڵەیەکی مانایی ساز دەبێ. داگیرکردنی وەڵاتێک بە شــێوەیەکی کاتییە و ڕەنگە هێزێکی ســوپایی وەڵاتێک بۆ ماوەیەک وەڵاتێکی دیکە داگیر بکا و دوای ئەو لەو ناوچەیە دەڕواتە دەرەوە و دەســەڵات ڕادەستی خەڵکی ئەو وەڵاتە دەبێــت. بۆ نموونە داگیرکردنی فەڕانســە لە لایەن ئاڵمانییەکانەوە لە کاتــی جەنگی دووەمی جیهانی یاکــوو داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئامریــکاوە دوای ســاڵی ٢٠٠٣. بــەڵام کاتێک باس لە سیســتەمی

کۆلۆنیالیزم دەکەین مەبەستمان لەوەیە کە هێزی کۆلۆنیالیست بە دەستێوەردان لە کەرتی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو وەڵاتەی کە بە کۆلۆنی گرتوویەتی کاریگەرییەکی درێژخایەن و قووڵی لەسەر دادەنێت. تەنانەت ئەگەر ئەو وەڵاتە رزگاریش ببێ ئەو کاریگەرییە نەرێنییانە بە ئاسانی بنبڕ نابن.

٣. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد. وەرگێڕان: عەبدوڵڵا حەسەن زادە ه(هەولێر: ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤).

٤. عەبدولڕەحمان قاسملوو، کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم (لەگەڵ شیکردنەوەی کورتەباس) (ستۆکهۆڵم: کتێبی ئەرزان، ٢٠٠٣).

5. Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East” The British Journal of Sociology (online version 2019): 18.

نووسەران ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکەمجار قاسملوو لە ساڵی ١٩٦٥ و لە کتێبی کوردستان و کورد ئاماژەی بەم چەمکە کردووە. هەرچەند ئەوان دیارییان نەکردووە کە قاسملوو چۆن و بە چ مەبەستێک کەڵک لە کوردستان وەک ناوچەیەکی موستەعمەرە (بەکۆلۆنیکراو) وەردەگرێت. دەبێ باس لەوەش بکەین کە وەرگێڕانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٦٥ چاپ بووە و کتێبەکە سەرەتا بە زمانی چێکی و لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاو بووەتەوە. نووسەران لەم وتارەیاندا باسێکی زۆر گرنگیان سەبارەت بەوە کردووە کە چۆن لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردی چەمکی عەشیرەگەری (tribalism) سەبارەت بە کورد بەکار دێ و ئەوان ئەم میتۆدە، بە درووستی، بۆ ڕوانگەی کۆلۆنیالیزم دەگەڕێننەوە.

٦. قاسملوو، کوردستان و کورد، ٣٢٥.

٧. «ئەو لێکدانەوەیەش کە گۆیا خەباتی گەلی کورد بەشێوەیەکی ڕوون دژی ئیمپریالیزم نییە، هەر لەوەرا سەرچاوە دەگرێ کە ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی بەڕواڵەت سەربەخۆن و نفووزی ئیمپریالیستەکان لەوێدا بەشێوەیەکی ئیستیعماریی کۆن نییە، بەڵکوو لە پشت پەردەی حکوومەتی دەرەبەگ و بۆرژوا بەکرێگیراوەکاندا شاردراوەتەوە، کە هەرچەند بەڕواڵەت سەربەخۆن، بەڵام لە ڕاستیدا بوونە پێگەیەک بۆ قازانجی ئیمپریالیستەکان.»

هەمان سەرچاوە، ٢٧٧.

٨. ئیسماعیل بێشیکچی، کوردستان کۆلۆنییا نیڤدەولەتی. وەرگێڕان: وەلات تۆفیق (دهۆک: زانکۆیا دهۆک، ٢٠١٨).

٩. کەمال سلێمانی بەوردی بزووتنەوە نیشتمانی و ناسیۆنالیستییەکانی ئەم قۆناغەی (١٨٧٦ تا ١٩٢٦) لە توێژینەوەیەکی ورد و دانسقەدا پیشان داوە: Kamal Soleimani, Î slam, Îslamîzm, Dewlet û Neteweperweriya Kurdî, wergera ji înglîlizî: (Fexriya Adsay (Stenbol: Weşanên Peywend, 2018.

١٠. من لێرەدا بەکورتی ڕەخنەی لە تێزی سەرەکی عەباس وەلی دەگرم کە پێیوایە ناسیۆنالیزمی کوردی لە دەرەنجامی دیالێکتیکی نکۆڵی کردن و بەرەنگاربوونەوەدا ساز بووە. واتە لەو کاتەوە کە دەوڵەت نەتەوە مۆدێرنەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریا ساز دەبن و نکۆڵی لە ناسنامەی کوردی دەکەن، ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیە ساز دەبن. من پێموایە بەرەنگاربوونەوەی کورد لەگەڵ ناسنامە سازکراوە نوێکانی ناوچەکە تەنیا یەکێک لە ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی پێک دێنێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەگەر ناسنامەیەکی هاوبەش لە کوردستان بوونی نەبووە، ئەو دەوڵەتانە نکۆڵییان لە چی کردووە؟ هەر بۆیە بە باوەڕی من لە دەرەنجامی سازبوونی ئەم دەوڵەت نەتەوە نوێیانە دۆخی کوردستان لە ناوچەیەکی داگیرکراو، لە لایەن خەلافەتی عوسمانی و پاشایەتی قاجارەوە، بۆ ناوچەیەکی بەکۆلۆنیکراو دەگۆڕدرێ. سەرەڕای ئەوەیکە پێش لە ناسیۆنالیزمی ئێرانی، تورکی و عەرەبی کوردەکان لە بەرامبەر داگیرکردنی کوردستان هەستی نیشتمانییان بۆ پاراستنی کولتوور و بەها هاوبەشەکانی خۆیان هەبووە و بەرەنگاری لەناوچوونی حکومەتە ناوچەییەکانی خۆیان دەبوونەوە، بەڵام دوای ئەوەی دەوڵەت نەتەوە مۆدێرنەکان بە شێوەیەکی سیستەماتیک کوردستان بەکۆلۆنی دەگرن، ناسیۆنالیزمی کوردی ساز دەبێ. بۆ ئاگاداربوون لە ڕوانگەی وەلی سەیری ئەم وتارەی خوارەوە بکەن: Abbas Vali, “The Kurds and Their “Others”: Fragmented Identity and Fragmented Politics,” Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East XVIII, no. .2 (1998): 83-04

بۆ ئاگاداربوون لە ڕەخنەیەک کە لە ڕوانگەی سەمبۆلیزمی ئەتنیکییەوە لەم تێزەی عەباس وەلی گیراوە سەیری ئەم وتارە بکەن:

ڕێزان عەبدوڵڵاهی، «ناسیۆنالیزمی کوردی: لە نێوان مۆدێرنیزم و سەمبۆلیزمی ئەتنیکی،» گۆڤاری بیر و هزر، ژمارەی ٣-٤ (١٣٩٥) ٣٣ ـ ٣٦.

11. Michael Hechter, Internal Colonialism: The Celtic Fringe in British National Development, 1536-1966 (Berkeley: University of California Press, 1975).

بۆ سازکردنی چوارچێوەی تیۆری کەڵکم لەم کتێبەی مایکەل هێشتر وەرگرتووە. هێشتر دواتر لە وەڵامی ئەو ڕەخنانەی کە پێیانوابوو ئەم تیۆرییە ناتوانێ وەڵامدەری جووڵانەوەی نەتەوەیی لە هەندێک لە ناوچەکان بێ چەندین بابەتی دیکەی نووسی. هەروەها لەبەر ئەوەی چۆن کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی بە سازبوونی نەتەوەکان پێش لە دنیای سەرمایەداری گرێ بداتەوە.

12. Ibid., 33.

13. Ibid., 30.

14. Veli Yadirgi, The Political Economy of the Kurds of Turkey: From the Ottoman Empire to the Turkish Republic (Cambridge: Cambridge University Press, 2017), 234.

ئەم کتێبە بەوردی لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە و تا دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەم لە ڕوانگەی ئابووریی سیاسییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر جیاوازییەکانی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی تورکیا کردووە.

15. Ibid., 243-4.

١٦. محمد جواد صالحی، «رتبه‌بندی استان‌های کشور بر اساس شاخص‌های انسانی و سرمایه انسانی،» فصلنامه پژوهش و برنامه‌ریزی در آموزش عالی ٢٤، شماره ١ (١٣٩٧): ٢٦.

بەداخەوە نرخی GDP لە ئێران بۆ پارێزگاکان بە ڕیاڵ هەژمار دەکرێ و من ئامارێکی باوەڕپێکراوم نەدۆزییەوە کە بە دۆلار نیشانیان دابێ. بەڵام لەم توێژینەوەدا کە بەگوێرەی پێوەرەکانی من باوەڕپێکراو بوو کەڵکی لە ئیندێکسی GDP Per Capita وەرگرتووە کە ژمارەکان لە نێوان سفر و یەکدان. هەڵبەت بەم شێوەیە بەئاسانی دەکرێ لە نێوان پارێزگاکاندا بەراوردکاری ئەنجام بدەین.

١٧. هەمان سەرچاوە، ٣٧.

18. Andre Gunder Frank, Lumpenbourgeoisie: Lumpendevelopment: Dependence, Class, and Politics in Latin America. Translated by Marion Davis Berdecio (New York: Monthly Review Press, 1974).

19. Michael Hechter, Internal Colonialism, 38-9.

20. Michael Hechter, Containing Nationalism (Oxford: Oxford University, 2000), 134-140.